## سەرەتایەکی کورتیلە

ڕووی دەمی ئەم هۆنراوەیە لەو دۆلاربارانەیە، کە لە ٢٠٠٣ وە دەستی پێکرد، بەتایبەتی ئەو ملیارانەی بە هەلیکۆپتەران بەسەر بەرەباب و سەرانی پارتخێڵەکانی باشووردا هەڵدەڕژان. ئەو بارانە کەسکە نەفرینە بەرتیل و دەستهەقی لەبیرکردنی کرۆکی کێشەی کوردستان بوو، کە پێش هەر شتێک کێشەی خاک و سنوورە، دەستهەقی خیانەتی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تێکشکاوی ئەنفال و کیمیاباران بوو ، دەستهەقی دەرکردنی عیراق لە بەندی حەفتەم و دانانی دەستوورێکی پشتشکێن و بە مین داچێنراو، دەستهەقی ژەهرەماددەی ١٤٠ی دەستووری عیراقی و قومار لەسەر نیوەی خاکی بابوباپیران و ناونانی بە ناوچەی جێناکۆک و هەرێمبەدەر و کێشەلەسەر و... زۆر ناماقوولیی دی، کە ڕۆژانە میدیای بەرەبابەکان، وەک سووکایەتیکردن بە هاوخوێنانی ئەو ناوچانە، دەریاندەفرتێنن، بەمەش، دڵەڕاوکێ و گومان، تەنانەت گومانی کورد خۆشی، دەخەنە جێی یەقین.

دیوێکی ئەم هۆنراوەیە باسی نیشانە و دەرهاوێشتە کارەساتبارەکانی کۆپیکردنی نەخوێندەوارانەی مۆدێلی حوکمی خێزانەکیی خەلیج دەکا، مۆدێلی نەدیتکانەی باڵەخانەی قۆچهاوێژ و باقوبریق و تەنتەنە و سەنسەنەی بێ بنەما، مۆدێلی نەوت بەرامبەر بە خواردن و ڕیتن!

ئاسان نییە، لە فۆرمی ناسکی شیعردا، نەک بە شیعرێک، بە هەزار داستانەشیعریش باسی شوێنەوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی، ژینگەیی و فەرهەنگییەکانی ئەو حوکمڕانییە سەیروسەمەرەیەی پارتخێڵ و بەرەبابەکان بکەی، کە باوەڕ ناکەم لە مێژووی دوور و نێزیکی دەوڵەتداریدا وێنەی هەبێ.

# پێترۆدۆلار

هەر ببارە،

داکە سەریان،

جگەرگۆشەی سەوزی پەمۆ!

بێهوودەیە!

نە خوڕەی خوێن تێریان دەکا، نە ڕێژنەی تۆ.

ئەوان خەرەندی بێبن و

کەندولەندی شۆرەکاتن.

هەر تێیان کە...

پڕ نابنەوە و دەمیان بەشە،

وەک چۆن بەش بوو هەرکە هاتن.

***

لەو ڕۆژەوە تۆ دەباریت،
مینبەر نەما
دەمی نەگری و لاڵی نەکەی،
سەنگەر نەما
خۆتی تێدا خاڵی نەکەی.
هەڵۆ نەما لوتکەکانی پێ بەرنەدەی،
قەڵەم نەما ئاودەستخانەی پێ دەرنەدەی.

لەو ڕۆژەوە تۆ دەباریت،
دیواندڕی دەمهار نەما
لە ئوتێلی پێنجئەستێرە نەیخارێنی،
چۆڕێک ئاوی ڕۆشن نەما پێی نەوەڕی،
مژێک هەوای سازگار نەما نەیتارێنی...

***

گوتم نەرمی، پەمۆزادەی،
کەچی هاتی،
شاخت بە خوێنی شاخ چەش کرد!
گوتم کەسکی، وەک گیا سادەی،
کەچی هاتی،
زەوی و ئاسمان،
سەر و بنی دنیات ڕەش کرد!

تۆ باڵۆره و

سیاچەمانە و

"دەی دەی زەردە" ی "باڵدار" ت کوشت.*

بۆنی چرووی سەر قەرتاڵە و

گیزەگیزی سەماوەری

دەشتودەری

بەهارت کوشت.

تۆ بازرەقەی سوێسکە و پۆڕی قەدی چیا و

بازبازێنی کارمامزی بنارت کوشت.

تۆ چیت نەکرد؟!

تۆ مێگەل و

بەردەبێر و

گاڕانت برد بە گردەوە.

قاڕە و باڕەت لە بیر کۆز و

شیناوەردت لە بیر کێڵگە و

ترێت لە بیر ڕەز بردەوە.

تۆ چیت نەکرد؟!

تۆ غەزەبی ئاسمانان بووی،

داباریت و

دەمی تەوری خۆت گەیاندە بنج و بنیاد:

کۆت و بەندت کردە لینگی

شلکە چەمی زمانی ماد،

شال و شەپکت لەبەر بەژنی لاوک داکەند،

بۆ لاکخۆران، پارچەپارچە، تیکە تیکە،

هەڵت خستم لەسەر تەناف.

تۆ حەمرینت بۆ لم ڕاخست،

تۆ قەراجت بردە پشت قاف!

تۆ چیت نەکرد؟

تۆ "دڵدار"ت گۆڕبەدەر کرد،**

تۆ چاوساغی شەیتانان بووی

بۆ وڵاتی شۆڕەسوار و پەریزادان.

هەی بێ شەرەف،

تۆ شەرەفت کرد بە "دەفتەر"،

مەفتەنت کرد بە دۆشەگی بن گەوادان.

٢٠١٠/٢/٢ – هێلسنکی

## فەرهەنگۆک

---

*** دەی دەی زەردە:** هێمایە بۆ کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی، کە برایم باڵدار بۆ زارۆیانی کوردستانی دانا بوو.

**** گۆڕبەدەر:** کەسێک لە گۆرەکەی خۆی دەرکرابێ (لەسەر ئاهەنگی شاربەدەر) .ئەم دێڕە هێمایە بۆ تێکدانی کۆنترین گوڕستانی هەولێر، بە گۆڕی "دڵدار"ی شاعیریشەوە و دروستکردنی مارکێتێکی بازرگانی لە جێی!

**کەندولەند:** جێیەکی پڕ چاڵوچۆڵ،جێیەکی پڕقووڵکە و ئاودڕ

**شۆرەکات:** شۆرەزار، زەوییەک هیچی لێ شین نەبێ.

**دیواندڕ:** زماندرێژ و قسەزان و لەبلەبانی ناو مەجلیسان.

**دەفتەر:** لە باشوور بە دەهەزار دۆلار دەڵێن "دەفتەر".

**چروو:** چڵوو، لکوپۆپی جۆرە دارێکە، پێش وێرانکردنی کشتوکاڵی کوردستان باخەوان و ڕەزەوانان چروویان لەسەر قەرتاڵەی مێوەجات، بەتایبەتی ترێ، دادەنا بۆ پاراستن و فێنکایی. چروو بۆن و بەرامەیەکی خۆشی هەیە و بۆ کەپر و ساباتیش بەکار دێ.

**شیناوەرد:** شیناورد، شینایی، کەسکایی، سەوزایی (بەتایبەتی چێندراوی هاوینە)

**کۆز:** لەم هۆنراوەیەدا مەبەست لە شوێنی حەوانەوەی کار و بەرخانە.